# بەتەلەفۆن

حەمەکاکەڕەش

لەو ڕۆژەوەی دکتۆرکەمال سەیدقادر گەڕایەوە بۆکوردستان و دیارنەما؟؟؟ دیارنەمانی دکتۆرکەمال بەوشێوەیەو دواتر دادگایی کردنی بەو داخراوییە} زەنگێکی ترسناکبوو بۆهەمووئەوانەی ئومێدی ئەوە دەکەن لەسایەی دەسەڵاتی کورددیا ئازادی بەرقەرار بێ و کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی بێتەچێکردن .
لەوڕۆژەوە ئەم کێشەیە هاتەئاراوە کوردانی دانیشتوی ئەوروپا بەتایبەت نوسەرانو ڕۆشنبیران بەهەموو شێوەیەك و لەزۆر ڕێگاوە نیگەرانی و هەراسانی و دڵگرانی خۆیان دەربڕیوەو بێدەنگنەبوونە بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە بێدەنگییو خۆماتکردنی ڕۆشنبیرانی ناوەوەی کوردستانە کەلەهەمبەرکێشەی سڕینەوەی دکتۆرکەمال نقەیان لەخۆیان بڕیوە ؟؟؟ هەرچەندە لەکوردستان ناژیم بەڵام ئینسان کەمێك خۆی ماندوو بکات بەئاسانی دەتوانێ پەنجە بخاتە سەر هۆی بێدەنگیو سڕبوونی ڕۆشنبیرانی ناوەوەی کوردستان. بۆئەم مەبەستە دوێنێ شەو بەتەلەفۆن پەیوەندیم کرد بەنوسەرێکی دیاری کوردستانەوەو دوای چاکو چۆنی و هەندێك قسەو باسی تر کە ئەو لەوەڵامدا تروسکە لەقسەکانیدا نەدەبینراو هەر دەردە دڵ و نائومێدی لەدەسەڵاتو گەندەڵی کوردستان دەردەبڕی . تا هاتینە سەرکێشەی دکتۆرکەمال و بێدەنگییو خۆماتکردنی ڕۆشنبیرەکان....... وتی کاکە کیان بێدەنگی و نقەنەکردنی ڕۆشنبیرەکان بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ هەموو ڕۆشنبیرەکان لەدەوری کەناڵ و دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکان کۆبوونەتەوەو ڕونتر بڵێم تاعین بوونەو فەرمانبەری حیزبەکانن و نانەکەیان بەدەستی حیزبە یەك قسەی سارد بکەن حیزب نانە گەرمەکەیان دەبڕێت ........
منیش وتم بەڕێزم واوتمان ئەو ڕۆشنبیرانە تاعین بوونەو فەرمانبەری موخلیسی حیزبن خۆ تۆو چەنانی وەك تۆ و مامۆستا شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و چەنانی تر نانەکەتان بەدەستی حیزب نییەو تاعین نەبوونەو فەرمانبەریش نین بۆ؟ بێدەنگن وتی کاکە گیان بۆ ئەوەی کە ئێمە نانەکەمان بەدەستی حیزب نییەو تاعین نەبووینەو فەرمانبەر نین ڕاستدەکەیت بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستان بەئەستەم دژە ئاراستەی حیزبەکان پیشاندەی یان قسە لەسەر بابەتێك بکەیت دوور لە تێکەیشتنی حیزب و کادیری حیزبەکان ئەوە بەهەزار تۆمەت تاوانبارت دەکەن و دەتکەن بە خائین و دوژمنی کوردو کوردوستان بۆ نمونە شێرزاد حەسەنی چیرۆکنوس لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی یەك دوو جار پرسی کەنجی وروژاند کۆمەڵێك کۆلکە نوسەری حیزبی گوێ لەمست لەگەڵ ناحاڵێیبوونیاندا بە نوسینە کرچوکاڵەکانیان هێرشیان کردە سەر شێرزادحەسەنی ڕۆشنبیر کاکە گیان ئەم حیزبانە میلیشیای قەلەمیان هەیە بەکورتی کوردستان پڕە لەزڕە ڕۆشنبیر ئەم ناڕۆشنبیرانە لەهەموو دەرگاکان یاساوڵن هەموو بیرو خەیاڵیان لای پارەیە حیزبیش هەرشتێکی نەبێ پارەی زۆرە بۆ کڕینی ئەم .
لێرەدا پەیوەندیەکە نەما ، ئێستا دەزانین بۆبێدەنگن